# باش ڕوحتان لە ئەجوا چووە یەکگرتوو. . . . . ؟ هێمن عومەر



بەبەتەکانی نەجوا هەولێری ئەگەر بێت و کەسێك بێت لەو جیهانەدا بوونیشی نەبێت بەڵام کۆمەڵێك هەڵوێست و بابەتی دیارن کە لەناو واقعی ئەم هەرێمەدا قسەو باسی دەمی خەڵکیەو لەسەر دەمەکانی کاتێك مزگەوتەکان بووبونە بارەگای حیزبە ئیسلامیەکان هەموو ئەوانەی باسی دەکات ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی کە خۆی کەسێکی نێو ئەو بەزم و هەرایە بێت کاتێك ئافرەتتان بە پێڵاوو بە تیروو پشك و ڕەسم ڕەسمێنە بەشوو ئەدا ئنجا نازانم لەو نێوانەدا نەجوا چۆن شووی کردوە دڵنیاشم ئەگەر بەو بەزمە شووی کردبێت ئێستاکە یان تەڵاق دراوە یان خۆی بەتەڵاق داوە لە بەر ئەوەی بڕیار بووە ژنی دووەم ببێتە میوانی، هەرچۆنێك بێت ئەوە کێشەیەکەو پەیوەندی بە نەجوا وە هەیە بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوە نە نەجوایە نە ئەو بەزموو ڕەزمەی کە حزبە ئیسلامیەکان لە سەردەمەکانی دوای ڕاپەرین و لەو کاتەی کەخەڵکی لە ئەو پەڕی ناهۆشیاری کۆمەڵایەتیدا کچەکانی بەو ڕێگایە بە شوودەدا بێم و ئەو شتانەی کە هەموو خەڵکی دەیزانێت دووبارە لێرە بیانچێنمەوە، بەڵکوو ئەوەی کەمن مەبەستمە لەو بابەتەدا بیخەمە ڕوو ئەوەیە خۆزگە وەك و نەجوا هەولێری لە هەموو حیزبەکانی کوردستان نەجوایەك هەڵدەگەڕایەوەو خەڵکیان لە گەندەڵی و فەسادی نێو حزبەکانیان ئاگاداردەکردەوە ئەوکات خەڵکی ئەو پەردانەی بەڕوودا لادەدرا کە هەریەکەیان وەك و مار بەشوێنێکی جەستەی ئەو خەڵکە بەستەزمانەیاندا نەدەدا.

هەربۆیەش دەست خۆشی لە نەجوا دەکەم و بە برایانی یەکگرتووش دەڵێم نەجوا بە کەسێکی دەرەوەی بازنەی خۆتان دامەنێن ئەگەریش ڕاستی لە نەجواو قسەکانیدا نیە بە لاتانەوە گرینگ نەبێگ ئەگەر دەتانەوی خەڵکی بڕوای پێنەکات ئەوە دەتوانن بە بەڵگەو بەزمانێکی لۆژیکەوە بڵێن ئێمە ئەو شتانەمان نەکردوەو ئەوکاتیش ئەوەندە ڕوحتان نەدەچوو لە نەجواو بە خەڵکی دیکەی غەیری کۆنە یەکگرتووتان نەدەشوبهاند.